ژماره (9)

# پشووی

# کۆوار



## بۆچی ژنان جلی کوردی ناپۆشن؟



## جەمشیدی عەندەلیبی:
## 30 ساڵ لەمەوبەر لە تاران قبوڵی گوێگرتنی مۆسیقای کوردی نەدەکرا



## ژنی خەونە زێڕینەکان



## مامەڵەکردن لەگەڵ رەگەزی دیکە

ئـەیلـولـی
2006

نامەیەکی کراوە..

# لە نێو ژنانی کورد خەریکە جل و بەرگی ڕەشی کەنداو شوێنی جلو بەرگی کوردی دەگرێتەوە !



**خوشکانی** ئازیز، کچانی ئومێد بەخشی دواڕۆژ،
پاش سلاو و خۆشەویستییەکی بێ سنوورم بۆ هەمووتان دەمێك بوو ئارەزووم دەکرد، لە نامەیەکی کراوەدا چەند سەرنج و تێبینییەکتان بۆ بنووسم، بەهیوای ئەوەم جێی سوودو رامان بێت..

ئازیزانم:

ئاشکرایە هەموو گەلانی دنیا خاوەن کولتورو تایبەتمەندی خۆیانن.. لای تێکڕای میللەتانیش بە چاوی ڕێزو خۆشەویستی دەڕوانرێتە مۆرك‌وکەلەپوروخەسڵەتە نەتەوەیی و میللییەکان. لەنێویشیاندا جلو بەرگ هێمایەکی دیاری ناساندن و لێکجیاکردنەوەی گەلانە..

هەرچی جلو بەرگی کوردیشە، جگە لەوەی مانای رەسەنایەتی و دەوڵەمەندی کەلەپوورو مۆرکی کوردەواری دەگەیەنێ، هاوکات جوانییەکی لە ڕادەبەدەریشی هەیە، بەتایبەت جلو بەرگی ئافرەتان، کە بەهۆی رەنگا و رەنگی و جوان کەوتنەوەو دەرکەوتنی پڕ بە بەژنی ئافرەت، سیمایەکی تابڵێیت ڕێك و پێك و سەرنجڕاکێش دەبەخشێ.

هەقی خۆیەتی مرۆڤی کورد شانازی بە شێوازەکانی جلو بەرگی کوردی و دەوڵەمەندییەکەی بکات.. وەلێ ئەوەی جێی داخە، خەریکە لە نێو ژنانی کورد جل بەرگی رەشی کەنداو شوێنی جلو بەرگی کوردی دەگرێتەوە، هەموومان دەزانین ئافرەتی روو سووری کورد، کاتێك جلو بەرگی رەنگاو رەنگی کوردی دەپۆشێ، ئەوەندەی تر جوانترو قەشەنگتر دەبێ، بەژن و روخسار بەوپەڕی رازاوەیی خۆی دەنوێنێت، وێڕای ئەوەی دەبێتە خاوەن کەسایەتییەکی باشترو داکۆکیکارێکی راستەقینەی مۆرکی کوردەواری.. کەچی بە پێچەوانەوە جلو بەرگی رەشی کەنداو مۆرکێکی نامۆی پێدەبەخشێ، پێناسەی ئافرەتی جوانی کورد دەشێوێنێت..

لەم سۆنگەیەوە تکام لە ئافرەتانی کورد ئەوەیە، بایەخ بە جلو بەرگی کوردی بدات، ئەمەش تەنیا لە ئاهەنگ و بۆنەکان نا، بەڵکو هەوڵی ئەوەبدەن پۆشینی جلوبەرگی کوردی لە ماڵ و بازاڕو شوێنە گشتی و تەنانەت لە دام و دەزگاکانیش بکرێت بە نەریت.

رەنگە کەسانێك بیانووی ئەوە بهێننەوەو بڵێن، مامەڵەکردن لەگەڵ جلوبەرگی کوردی تاڕادەیەك زەحمەتەو جۆرێك لە ماندوبوون بۆ مرۆڤ دروستدەکات، من ئەم بیانووە وا نابینم و پێم وایە ئەم حاڵەتە پەیوەندی بە لێڕاهاتنەوە هەیە.

**رەنج رەسوڵ**

# کە بەخەیاڵ دەوڵەمەند دەبیت، چی لە سەروەت و سامانەکەت دەکەیت؟

**هەژار سالّح/ مامۆستا:** لەو کاتەی بە خەیاڵ دەوڵەمەند دەبم هەموو سەروەت و سامانم بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانم دەخەمە گەڕ، سەرجەم پێداویستیەکانی خۆم دەستەبەر دەکەم، زۆر جاریش هاوکاری کەس و کارو دەوروبەرو خزم و ناسیاوەکانم دەکەم، هەمیشە یارمەتی ماددیان دەدەم و ئەوانیش سەردانم دەکەن.. ئیدی لە چوارچێوەی کەسێکی ئاسایی باز دەدەم و دەبمە شتێکی تر.

**پەرژین کاروان/ قوتابی ئامادەیی:** لەوکاتەی بە خەیاڵ دەبمە خودان سەرمایەیەکی بێ شومار، راستەوخۆ هەزارو یەك بیری جیاجیا بەمێشکمدا دێت، لە بەر ئەوەی لە ژیاندا پلاندانانم هەڵەیە، هەمیشە دەبمە کەسێکی شێواو، نازانم چۆن خەرجی بکەم و بیدەم بە کێ؟ ئیدی دەیان پرسیارم لا دروست دەبێ. وەلێ دواجار خەیاڵم دەگەڕێتەوە سەر سفر، کە دەگەڕێمەوە سەر زەینی خۆم، بە خۆم پێدەکەنم، کاتێك لە ماڵەوە لێیان پرسیوم بۆچی لە خۆتەوە پێ دەکەنی.. دەڵێم لێم گەڕێن تازە شازی ملیۆنێر بووم، ئێستاش گیرفانم بە تاڵە.

**رێبین محەمەد/شوفێری تاکسی:** دەمەوێت بەو پەندە کوردییە دەست پێ بکەم، کە دەڵێ: (کەس بە خەیاڵ ناگاتە ماڵ)، بەڵام زۆر کاتێ خەیاڵ بەرەو دونیایەکی تر گوزەر دەکات، دەوڵەمەند دەبم، ئیتر لە چرکە ساتێکدا وا دەوڵەمەند دەبم، هەموو حسابەکانم لێ تێکدەچێ، نازانم چۆن بیر لە خەرجکردنی دەکەمەوە، جاری وا هەیە دەبمە خاوەنی گەورەترین کۆمپانیا و لە هەموو دونیا لقی تایبەتیم هەیە و ناو و ناوبانگی زۆرم پەیدا کردووە و کێشمەکێشمی هەموو بازرگانانی جیهان دەکەم و ناوم لە کتێبی(گیتس )تۆمار دەکرێ. هەروەها دەبمە ئیمپراتۆری سەرمایەگوزاران و لە رێگەی بەرهەمی کارگەکانم مۆنۆپۆلی بازاڕی هەموو جیهان دەکەم.

**ڤەهین جەبار/ کچی ماڵەوە:** کاتێ بە خەیاڵ دەوڵەمەند دەبم هەموو خەرجی سامانەکەم تەرخاندەکەم بۆ کڕینی زێڕو ماڵی جوان، زیاتر حەز دەکەم منیش لە هەژاری دەربازم بێ و وەکو دراوسێکانم دەنگی خشڵ و زێڕ ماڵەکەم پڕ بکات، خانووەکەشمان لە تۆزو خۆڵ بکەمە مەڕمەڕو حەلان، هەرچەند هەمیشە ئەو دوعایە دەکەم و دەڵێم خودایە ئەوەندە دەوڵەمەندم نەکەی وەکو خەڵکانێك تووشی لەخۆبایی بوون و غروری بم.

**سامان سالّح/فەرمانبەر:** ئێمە بیر لە خەرج کردنی پارە دەکەینەوە بۆ دروست کردنی خانووێکی گەورە و ئۆتۆمبێلی دوا مۆدیل و رێزە دوکانێکی باش و لەگەڵ هەبوونی چەندین دەفتەر دۆلار.

باوەڕ ناکەم کەس هەبێ لەو ئان و ساتەدا، کە بە خەیاڵ دەوڵەمەند دەبێ، بیر لە چێ کردنی پرۆژەیەکی خێرخوازی و خزمەتگوزاری بکاتەوە و سوود بە کۆمەڵگا و دەوروبەری بگەیەنێت، چونکە ئەوانەی لە واقیعدا دەوڵەمەندن، جگە لە دروست کردنی مزگەوت هیچ سوودێکی تریان بۆ خۆیان و خەڵك نییە.

**نازم عەبدوڵلا/ قوتابی زانکۆ:** مرۆڤ لە هەموو تەمەنێکدا لە گەڵ خەیاڵدا ئاوێزانە، هەرکەسەی بە جۆرێ، بەڵام رەنگە گەنج زیاتر پەلکێشی نێو خەیاڵ بێت، چونکە ئەندێشەی حەزەکانی گەنج بە خەیاڵەوە بەستراونەتەوە، بەو پێیەی من حەز لە گەڕان دەکەم، لەوکاتەی بە خەیاڵیش دەوڵەمەند دەبم هەمیشە بیر لە گەشت و گەڕیانی وڵاتان دەکەمەوە، ئەو شوێنانەی تامەزرۆی بینینیانم، هەموو سەروەت و سامانم تیادا خەرجدەکەم، بۆ ئەوەی لە خۆشگوزەرانی بژیم وئاسوودە بم .


هەژار سالّح


سامان سالّح


نازم عەبدوڵلا

# گولستان:

# ئەگەر هاوژیانی مرۆڤ بڕیار نەداو هاوکار نەبێت، مرۆڤ ناتوانێت کار بکات

**بەدرێژایی** هەشتاکانی سەدەی رابردوو، سروودو سترانەکانی (گولستان) هاندەری پتەوکردنی گیانی بەرخودان و ئازادیخوازی بوون.. دەنگ و سەدای ئەو، مانای خەبات و قوربانیدانی میللەتێکی بۆ ئازادی پیشاندەدا، بەمەش ئەو هونەرمەندە بووە خاوەن پێگەیەکی فراوانی جەماوەری و لەتەك (شوان پەروەر)ی هاوکارو هاوسەری، وەك دوو سیمبولی هونەری سەردەمی شۆڕشگێڕی لای کوردان دەخوێندرانەوە.. لە گەڕانەوەی ئەم دواییەی خانمە سترانبێژی ناسراو (گولستان)، (کۆوار) بەچاکی زانی چەند پرسیارێکی رووبەڕوو بکاتەوە.

**ئەنوەر هۆستانی**

*** گولستان پتر لە نێو ستۆدیۆ گۆرانی دەڵێت، کەمتر لە دەرەوە دەردەکەوێت، بۆچی کلیپی نوێ دروست ناکەیت؟**

_ من ئارەزوو دەکەم کاری باش پێشکەش بکەم، دەتوانم کاری سادەو هاکەزایی چێبکەم، وەڵێ نامەوێ خۆم لە قەرەی شتی وابدەم.

*** پتر ئارەزوو دەکەیت سەروکارت لەگەڵ چ جۆرە سترانێکدا هەبێ و کاری لەسەر بکەیت؟**

– بە پێی ستران دەگۆڕێت، هەندێك سترانی ئەڤینی هەن جوانن، هەندێك سترانی شۆڕشگێڕی هەن باشن، بە پێی خۆشی موزیکا و شیعرو شێوازی گۆرانیەکە دەگۆڕێت.

*** تۆ چ گۆرانییەکی خۆت پتر لە هەموو گۆرانییەکانت پێ خۆشترە؟**

– من هەموو سترانەکانی خۆم لاخۆشن، من گۆرانییەك نالێم ئەگەر لام خۆش نەبێت، ستران لای من وەك منداڵەکانی مرۆڤن.

*** جگە لە کوردان، خەڵکی بیانی گوێ لە گۆرانییەکانت دەگرن؟**

– بێگومان .. هەرچەند ئامانجی من لە گۆرانی وتن خەڵکی بیانی نییە، من بۆ کوردان گۆرانی دەڵێم.

*** ئەرشیفی هونەری گولستان چەند گۆرانی بەخۆوە ئەگرێت؟**

_ بەڕاستی گەلەکن، من زیاتر کار لەسەر کەلەپوورو موزیکی کۆن دەکەم، ژمارەیەکی زۆری سترانی کۆن لەلای من هەن و خاوەن ئەرشیفێکی زۆری ستران و سروودم.

***ڕات بەرامبەر کلیپی کوردی چییە؟**

– هەندێکیان باشن، کاری باش دەکرێن، هەندێکیشیان سادەن.

***گولستان، لە تەمەنی ئێستایدا ئارەزوو دەکات گۆرانی بڵێت، یان وەك پێشکەشکاری بەرنامەی تەلەفزیۆنی دەرکەوێت؟**

– من ئارەزووم لە هەردوو کارەکەیە، لەگەڵ هەردووکیشیان ئاسوودەم.

*** شوان پەروەر و گولستان بەیەکەوە چۆن پێناسە دەکەی؟**

– ئەو دوو هونەرمەندن لەیەك جێگاوە دێن، زۆرباش یەکتر دەناسن، خەباتێکی دوور و درێژییان شان بەشانی یەکدی کردووە.

***گولستان چۆن کاری هونەری خۆی بەڕێوە دەبات؟**





– هەندێك جار ناخۆشەو، زۆرجاریش خۆشە.

***حەز ناکەیت لە کوردستان بژیت و ژیانی داهاتووی لێببەیتە سەر؟**

– بەڵێ، من چۆن حەزناکەم لەنێو ئەو بەهەشتەدا بژیم، کێ هەیە پێیخۆش نەبێت لە بەهەشتدا بژێیت، من زۆر شوێن و وڵاتان گەڕاوم، بەڵام هیچ شوێنێکم لێرە خۆشتر نەدیووە، ئێوە چانستان هەیە لەنێو بەهەشتدا دەژین.

***ئایە لە کاری هونەری بە تایبەتی بۆ ژن، لەپارچەیەك لەگەڵ پارچەیەکی دیکەی کوردستان چ جیاوازییەك دەبینی؟**

– بەڕای من دهۆك و ئۆرفا جیاوازییان نییە، بە تایبەت لە رووی ژن و ئایین و دابونەریتەوە، ئەگەر هاوژیانی مرۆڤ بڕیار نەداو هاوکار نەبێت، مرۆڤ ناتوانێت کاربکات، چونکە هەر کارێکی هاوبەش ئاسان دەبێت، دابونەریت و کۆمەڵگا زۆر جار دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم کاری هونەری و دەرکەوتن و هاتە مەیدانی ژنان لە کارکردندا.

***ئەگەر رۆژێك بوویتە خاوەنی کەناڵێکی ئاسمانی، بەرنامەکانی چۆن دەبێت؟**

– زۆربەی بەرنامەکانی تایبەت بە ژن و منداڵان دەبێت.

***چەند منداڵت هەیە؟**

– من تەنیا یەك کوڕم هەیە ناوی (سەرخۆبوون)ە.

***ئەو ماوەیەی کە تۆ لێرەیت، بارودۆخی ژنان چۆن دەبینی؟**

– باوەڕبکە زۆر جار ئەو پرسیارەم لێکراوە، هەم باشە و هەم خراپ. پرسە ئایینی و خێڵەکییەکان رێگرن لەبەردەم ژنان و ژن لە ناو ماڵدا دەبەستنەوە. ئێمە بەرەو بە دەوڵەت بوون دەچین، کەوابوو دەبێت ژن بێتە دەرەوە کاربکات، رۆڵێکی ئەکتیڤ ببینێت لەناو کۆمەڵگەدا، لە هەموو دەزگا و دامەزراوەکاندا دەبێت ژن ئامادەیی هەبێت، بە پەرلەمان و دەسەڵات و لەشکریشەوە.. تەنانەت پێشتریش لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا ژن رۆڵی هەبووە و تێکۆشاوە، کۆمەڵیش کە لە ژن و پیاو پێکدێت دەبێت شان بەشانی یەك هەوڵبدەن و تێبکۆشن، من وای دەبینم ناکرێت ژن بەتەنها خەریکی بەخێوکردنی منداڵ بێت و بەشدار نەبێت لە بەرهەمهێناندا، من پرسەکە بەو شێوەیە دەبینم.


*** رەوشی باشووری کوردستان لە بواری هونەری چۆن دەبینی؟**

– باشووری کوردستان زوڵم و ستەمی زۆری دەرهەق کراوە، لەوساوە بگرە تاکو ئێستا تێکۆشان بەردەوامە، لە هەموو لایەکەوە وڵات ئاوەدان دەکرێتەوە، هەست دەکرێت رۆژ بە رۆژ باشووری کوردستان پێش دەکەوێت.



## عەزیز شارۆخی:

# کاتێك لە کەناڵە کوردییەکان چەند کلیپێك دەبینم هەست بە بێتاقەتی دەکەمو وادەزانم گوێ لە گۆرانی عەرەبی دەگرم



**هەرکە** لە تۆمارگەی شارۆخی چووینە ژوورەوە، لە نێوان سەدان کاسێت و سیدی گۆرانی کوردی و کۆمپیوتەرێکی ریکۆردەرو مێزێکی شڕ، پیاوێکی پڕ میهری بچکۆلانەی خاوەن سمێڵێکی گەورەو سەر برنج و ماش، کە بە جلی کوردی مهابادی وەستابوو، دۆزیمانەوە.. لە نێو ئەو ژوورە، بەسەر داواکاری ئافرەتێکدا چووین، داوای تۆمارکردنی گۆرانیەکانی (شارۆخی) دەکرد. شارۆخیش، زۆر بەسادەییەوە داواکاریەکەی قبوڵکرد..

هەر کە چووینە ژوورەوە، عەزیزی شارۆخی پێشوازییەکی گەرمی لێکردین، کە زانیشی خەڵکی کوردستانی باشوورین، بەدەم خواردنەوەی چای تاڵ کەوتینە ئاخافتن و ئەو دیمانەیەی لێکەوتەوە.

**کۆوار**

***زۆر لە مهاباد بە دواتدا گەڕاین، تا ئەو تۆمارگەیە بچووکەمان دۆزیەوە، بۆ تۆمارگەتان هەڵبژارد؟**

– من پێم وایە زۆر جار بژێوی ژیان ناچارت دەکات کارێك هەڵبژێریت، کە کاری تۆ نەبێت، بیرتان نەچێت دابین کردنی بژێوی ژیان کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەت ئەگەر هونەرمەند بیت و بتەوێ شەریفانە کار بکەیت، من پێشتر مامۆستا بووم، بەڵام لەسەردەمی شا دەرکرام، دواتر دوای کودەتا بوومەوە فەرمانبەر و دیسان دەرکرام، من لە ژیانمدا گەلێك کارم کردووە، 6 ساڵ شوفێری تاکسی و 3 ساڵ میوە فرۆش بوومو 15 ساڵیشە ئەو تۆمارگەیەم هەیە.

***خەڵکی کە دێنە تۆمارگە و داوای کاسێتت لێدەکەن (زۆرجاریش داوای گۆرانییەکانی تۆ دەکەن، چۆن لە یەکتر دەڕوانن؟**

– ئەوان باش لێم تێدەگەن و زۆر خۆشحاڵم دەکەن، کە بەوپەڕی رێزەوە مامەڵەم لەگەڵ دەکەن، منیش هەروا، چونکە مادام ژیان بەردەوامە، دەبێت تێبکۆشین.

***مامۆستا، ژیانی ئێرە چەند نزیکتان دەکاتەوە لە دونیای کارکردن لە گۆرانی و مۆسیقا، ئایا ئێوە دوورە دەست نین؟**


–ئەمە تۆمارگا نییە، تۆمارگا بەجێگایەك دەڵێن، کە بتوانێ کەل و پەل و کەرەستەی وای هەبێ ئاهەنگ و گۆرانی تۆمار بکا، بۆیەش ئەتوانم بڵێم کاری من کاسێت فرۆشییە، یان سیدی فرۆشیە..

من سێ ساڵ لەمەوپێش لەم کارە بێزار بووم و ویستم کارێکی تر بکەم، دوکانەکەم لەولابوو فرۆشتم، بەڵام دواتر کە زانیم من لە دونیایەك دوور کەوتوومەتەوە، کە ناتوانم گوێ لە گۆرانی و مۆسیقا بگرم، گەلێك نارەحەت بووم و بریارمدا سەر لەنوێ دوکان دابنێمەوەو ئەوەی ئێستا دەیبینن ئەنجامی نارەحەتیەکەمە..

چونکە هێندێك گۆرانیبێژ هەن هەر لە منالیمەوە لەگەڵم تێکەڵن و ناتوانم رۆژانە گوێ لە گۆرانییەکانیان نەگرم.

***مامەڵەی ئەندامانی خانەوادەتان لەگەڵ چۆنە، ئایا ئەوان چۆن دەڕواننە کارەکانت و هیچ لەوان وەك تۆ دەنگیان خۆشە؟**

–من پێنج کچم هەیە و کورم نییە، لە پێنج



کچەکانم سێیان شوویان کردووەو دووانیشیان لە ماڵەوەن، یەکێکیان لە زانکۆیە و ئەوی تریان دبلۆمی وەرگرتووە و لە ماڵەوەیە، پەیوەندیم لەگەڵ منداڵەکانم زۆر باشە، لە مەودای ژیانم دا هەمیشە وەك برادەر مامەڵەم لەگەڵ کردوون. سەبارەت بەوەی کە ئایا گۆرانی دەڵێن یان نا؟ ئەوا وەڵامەکەی بۆ سێیان ئیختیاری مێردەکانیانەو لە دەستی من نەماون، دەمێنێتەوە دووەکەی تر.. یەکێکیان زۆر پەیوەندی لەگەڵ گۆرانی هەیە و (گیتار)م بۆ کڕیوە، بەڵام لەبەر خوێندن جارێ پڕۆڤە ناکات.. من بۆخۆم خۆم پێگەیاندووەو لە زەمەنێکدا گۆرانیم وتووە، کە گۆرانی گوتن عەیبە بووە تەنانەت تا باوکم مابوو، نەدەوێرام گۆرانی بڵێم، دەیگوت گۆرانیبێژ لوتی و چاوەشن.. کاتێکیش لە زیندانێ هاتمە دەرێ، بە خۆم هاتمە مەیدانی هونەری کوردی و دەستم کردە گۆرانی گوتن و هیچ مامۆستایەکم نەبوو.. ئەگەر سەیری گۆرانیبێژە رەسەنە کوردەکانیش بکەین، هەروا بوون، بۆ نموونە، (زیرەك)و (مامڵێ) و (مامۆستا تایەر تۆفیق) و (رەزازی) و (غولامی) بۆخۆیان هاتوونەتە مەیدانێ.. ئیدی ئەگەر مناڵەکانی منیش ئارەزووی گۆرانی گوتن بکەن، ئەوا هەوڵ دەدەن و رەنگە منیش یارمەتیان بدەم.

***ئەی منداڵەکانت وەکو خۆت دەنگیان خۆشە؟**

–دەنگیان خۆشە، چواریان لەسەر شێوازی من بۆ چێژی گۆرانی گوتن، بۆ نموونە ئارەزووی تایەر تۆفیق و مامڵێ و ئەسغەری دەکەن، وەلێ کچە بچووکەکەم لەسەر ئەم رەنگە نییە و خۆشم فشاری بۆ ناهێنم، جا نازانم چی بەسەر دێت.

***ئەو کارانەی لە باشووری کوردستان دەکرێن ئێوە چۆنی دەبینن؟**

– بە نەزەری من هونەری کوردی دەبێ فاتیحای بۆ بخوێنین، کاتێك لە کەناڵە کوردییەکان چەند کلیپێك دەبینم هەست بە بێتاقەتی دەکەم و وا دەزانم، کە گوێ لە گۆرانی عەرەبی دەگرم. دەبێت هونەرمەندان هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە بدەن، بۆ نمونە مامڵێ کە میلۆدی عەرەبی یان فارسی دەگوت، دەیزانی چۆن دەیکاتە کوردی، بەڵام ئێستا ئەو رۆحە کوردییە نادۆزینەوە.

***بۆ ئێوە لە فیستیڤاڵەکانی باشووری کوردستان (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) کەمتر دیارن؟ ئایا پەیوەندی بە ئێوەوە هەیە؟ یاخود چی؟**

–ئەوانەی سەرپەرشتی ئەم فیسڤاڵانە دەکەن کێن؟ بۆ داوەتم ناکەن؟ بۆ کابرایەکی تارانی، کە پەیوەندی بە گۆرانی کوردییەوە نییەو هەر تەنها بە فارسی گۆرانی وتووە، بانگهێشتی دەکەن، بەڵام من هەر باسم ناکرێت، بۆ مەگەر عەزیز شارۆخی ناناسن؟

***ئایا گۆرانی رۆژهەڵاتی کورستان تا چەند سوودی لە گۆرانی فارسی وەرگرتووە؟ یان بە پێچەوانەوە؟**

– زۆر بەڵگە هەن، کە پێشتر چەندان گۆرانی بێژی کورد هەبوون لە تاران، فارسەکان سوودیان لێوەرگرتوون بۆ نمونە ئاغای (پیراجی بەستامی) گۆرانی گووتووەو فارسەکان سوودیان لێوەرگرتووە. بە پێچەوانەشەوە کورد سوودی لە فارس وەرگرتووە، چونکە ئەو مۆسیقایە مۆسیقای رۆژهەڵاتیەو هەم عارەب و تورك، هەم فارس و کورد بەیەکدی کاریگەرن.

***دواپڕۆژەتان؟**

– تا ئێستا 70 گۆرانی خۆم هەیە، کە هەم مەقامو هەم بەستەیە.. جگە لەمانە گۆرانی گۆرانیبێژە رەسەنەکانم گوتۆتەوە، وەك (کاوێس ئاغا) و (سەید ئەسغەری کوردستانی) و (تایەر تۆفیق)، ئێستاش سەرقاڵی سیدیەکم بۆ 8 گۆرانی، بەڵام هێشتا تۆمارم نەکردوون، بەو هیوایەم لە دەرفەتێکدا تۆماریان بکەم.

## جەمشیدی عەندەلیبی:

# ئەو گۆرانیبێژەی کە من کاری لەگەڵ دەکەم، دەبێت لە پلەی یەکەم بێت



**یەکێك** لەو گرووپە میوزیکە بەناڤ و دەنگانەی کە ماوەیەکە لە کۆماری ئیسلامی ئێران خزمەتێکی باشی میوزیکی کوردی و تەنانەت فارسیشیان کردووە، گرووپی عەندەلیبیەکانە ئێمە وەك ئەوەی لە ژمارە (7)ی کۆوار (محەمەد جەلیلی عەندەلیبیمان) دواند، لەم ژمارەیەش بەشێك لە تێڕوانینەکانی (جەمشیدی عەندەلیبی) دەخەینە روو.

جەمشیدی عەندەلیبی (نای ژەن)، کە لای ئێمە بە خاوەن پارچە میوزیکی (نای نەوا) ناسراوە، پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆیەو وێڕای ئەوەی چەندان پارچە میوزیکی جوانیی تۆمار کردوون، وەك مامۆستایەکیش لە گەڕەکێکی تاران ئۆفیسێکی بچووکی لە سێیەم نهۆمی ئاپارتمانێك بە کرێ گرتوەو چەند قوتابیەکی کوڕو کچی هەن‌و بە روحێکی ناسکەوە فێرە نای ژەنینیان دەکات.. لەو گەشتەماندا بۆ تاران و ئۆفیسە بچووکەکەی جەمشید، گوێمان گرت لە چەند کارێکی نوێی میوزیکی و ئەو هەڤپەیڤینەی لێکەوتەوە.

کۆوار

* چ ئێوەی عەندەلیبی بە ئیرەجی گەورە گۆرانیبێژی کورد دەبەستێتەوە؟

– ئیرەجی عەندەلیبی ئامۆزای ئێمەیە، گۆرانیبێژێکی باشی کوردە، جگە لە ئیرەج، کوڕەکەشی لە ژێر چاودێری من شمشاڵ لێدەدات.

*وەك ئەوەی شێوازی عەندەلیبیەکانە، کار بۆ چەند

**ئومێدەوارم خەڵکی بۆ چێژوەرگرتن گوێ لە ئامێری (نای بگرن، نەك بۆ عەزاو رۆڕۆ**

گۆرانیبێژێکی فارس دەکەن، تۆ کارت بۆ کێ کردووە؟

– من بۆ خۆم لەگەڵ پەیامی عەزیزی و شەجەریان و شەهرام نازری و عەلی رەزا ئیفتخاری و چەندانی دیکە لە کوردو فارس کارم کردووە.

*کارکردن لە مۆسیقای کوردی، لە شوێنێکی پڕ جەنجاڵی وەك تاران کارێکی قورس نییە؟

– پێش هەموو شتێك، دەبێت ئەوە بزانین، کە مۆسیقای کوردی لە نێو ئێران ناسراوەو خاوەن ناسنامەی خۆیەتی، میللەتی فارس زۆر خۆشی دەوێت و چێژی لێوەردەگرن. رەنگە بەر لە 30 ساڵ کارکردن لە مۆسیقای کوردی لە تاران زەحمەت بوو بێت. بە ئەندازەیەك لە تاران قبوڵی گوێگرتنی مۆسیقای کوردی نەدەکرا. بەڵام دوای کودەتا لە ئێران ئەم فەرهەنگەی کوردی لەسەرجەم ئێران بڵاوەی کرد، بە تایبەت لە تاران، کە من زۆر جار بەشێك لە فەزلەکەی بۆ عەندەلیبی و کامکاران دەگەڕێنمەوە.

*یەکێك لەو رەخنانەی کە بە ئێوە لکاوە ئەوەیە، کە کەمتر کار بۆ گۆرانیبێژی کوردی دەکەن، ئەمە چجای ئەوەی کە گرووپەکەتان خاوەن گۆرانیبێژێکی تایبەت نییە! ئەو حاڵەتە بۆ چ دەگەڕێننەوە؟

– راستە گرووپی عەندەلیبی زیاد کاری بۆ گۆرانیبێژی فارسی کردووە، رەنگە ئەمەش کارێکی ئاسان و ئاوا سادە نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەش ئێمە (من‌و کاك جەلیلی برام) بەشداریمان لە ئەلبومێکی عەزیزی شارۆخی کردووە.

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەت، کە ئێمە گۆرانیبێژی تایبەتمان نییە، ئەوا دەڵێم ئێمە گرووپێکین گۆرانیبێژی تایبەتمان نییە، هەرچەندە ئێستێ کار بۆ (شاهۆ)ی کوڕی ئیرەج دەکەین، هەروەك وتم قوتابی خۆمە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەینێت کە ئێمە گۆرانیبێژی تایبەتمان هەبێت، واتە گرنگ ئەوەیە ئەو گۆرانیبێژەی کە کار لەگەڵ ئێمە دەکات و کاری بۆ دەکەم، دەبێت



لە پلەی یەکەم بێت، ئەگینا منیش دەتوانم گۆرانی بڵێم، بەڵام ئایا دەنگم بۆ نموونە وەك (شەجەریانە)کە چەند کارێکی گەورەمان بۆ کردووە؟

***یەکێك لەو پارچە میوزیکانەی کە تۆ پێش راپەڕینەکەی 1991ی باشوری کوردستان بەرهەمت هێنا، (نای نەوا) بوو، بەڵام لای ئێمە ئەو مۆسیقایە بۆ ماتەمینی و کۆڕی شەهیدان و یادکردنەوەی کارەساتەکان بەکار دێت، ئێوە چی دەڵێن؟**

- بەداخەوە، ئەو مۆسیقایە بۆ کاری ماتەمینی دانەنراوە، ئەو پارچە مۆسیقایە واتە (نای نەوا) پێش 23 ساڵ لەمەوبەر بۆ پرسێکی کۆمەڵایەتی هاتۆتە بەرهەم و خەڵکیش بە سەرکەوتوو ئەژماریان کرد و هیچ پەیوەندیەکی بە ماتەمینی و یادکردنەوەی مردووان نەبوو، بۆیەش دەبێت ئێمە لەوە تێبگەین، کە نای خۆی ئامێرێکی فودارەو دەنگێکی غەریبی هەیە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە هەرچی بە نای لێبدرێت ماتەمینی بێت(وەك ئەوەی زۆرێك لە ئێمەی کورد وای لێتێگەیشتووین ). ئومێدەوارم

# بە داخەوە هێشتا کورد کەم گوێگرو هۆگری مۆسیقای بێکەلامە

خەڵکی بۆ چێژ، گوێ لەو ئامێرە بگرن، نەوەك بۆ عەزاو ڕۆڕۆ.

***لە دوا پرۆژەتان، چیتان لەبەر دەستدایە؟**

- دوا پرۆژەم سیدی (پایزی نزاری یەك)ە.. کە ئێستا لە بازاڕە، پایزی نزای دوو و سیدیەکی دیکەم بە ناوی (مەجنون) لەبەر دەستدایەو ماوەتەوە بکەوێتە بازاڕ، ئەو کارانەم بێ گۆرانیبێژن و مۆسیقای ئەبستراکت و بێکەلامن، من زیاتر هۆگری مۆسیقای بێکەلامم، بەلام بە داخەوە هێشتا کورد کەم گوێگرو هۆگری مۆسیقای بێکەلامە.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە دوا پەیڤتان؟**

- من چەند جارێك سەفەرم کردووە بۆ باشووری کوردستان، ئەوەی منی نیگەران کردووە ئەو مۆسیقایانەیە کە لە بازاڕ و تەلەفزیۆنە کوردییە لۆکاڵییەکان پەخش دەکرێن و بڵاودەبنەوە، کە زیاتر مۆری مۆسیقای تورکی و عەرەبییە، من دەزانم کە ئێمە مۆسیقایەکی رەسەنمان هەیە، بۆیەش ئەرکی میدیاو لایەنە هونەریەکانە متمانە بۆ مۆسیقای کوردی بگەڕێننەوەو گرنگی پێبدەن، بۆ ئەوەی لەو قەیرانە گەورەیەی گوێنەگرتن رزگاری بێت.

ئەیلولی

2006

## ئیبراهیم محەمەد شێخۆ، ئەندامی ئۆركێسترای مۆسیقای ئەڵمانی

# منداڵانی كوردی نیشتەجێی شاری كیل فێری مۆسیقا دەكات

حەسیب ئەدیب زاخۆیی

**هونەرمەندی** كورد( ئیبراهیم شێخۆ) كوڕی هونەرمەندی گەورەو ناسراوی رۆژئاوای كوردستان( محەمەد شێخۆ)لە ساڵی (1981)لە ئێران، لە شاری (گنبد كاوس)چاوی بە دونیا هەڵهێناوە، خوشكێكی گەورەترو برایەكی لەخۆی بچووكتر هەن، لە تەمەنی دوو ساڵیدا لەگەڵ ماڵباتەكەیان دەگەڕێنەوە رۆژئاوای كوردستان لە ولاتی سوریا و لە شاری ( قامشلۆ) نیشتەجێ دەبن، ساڵی (1987) لە قامشلۆ دەست بە خوێندن دەكات و بەكالۆریۆس وەردەگرێت، لە تەمەنی پێنج ساڵیدا خۆی فێری ئامێری ( تەنبوور)دەكات، ئەویش بە هاوكاریی و پشتیوانی باوكەكەی، بەڵام مەرگ مەودای بە باوكەكەی نەدا تا لە پێگەیاندنی كوڕەكەی رۆڵی زێتر ببینێ، ئیبراهیم تەمەنی (8)ساڵان بووە، كاتێ (محەمەد شێخۆ)ی باوكی بۆ دواجار ئەم دونیا فانییە جێدەهێڵێ، بۆیە دوای باوكی، ئیبراهیم سۆز دەدات كە وەك باوكی رێچكەی هونەری بگرێ و بۆ پێشكەوتنی هونەری كوردی درێغی نەكات، بۆیە لە تەمەنی (15)ساڵیدا شارەزاییەكی باش لە چەندین ئامێری مۆسیقی وەردەگرێ و دەبێتە هونەرمەندێكی باش، لە ساڵی (2003) ولاتەكەی بەجێ دێڵێ و ڕوو لە هەندەران دەكات و لە باكووری ئەڵمانیا دەگیرسێتەوەو ئاكنجی شاری (كیل) دەبێت، لەوێ بەردەوام لە هەوڵ و پرۆڤەدا دەبێ، تا لە ماوەیەكی كەمدا دەبێتە ئەندامی ئۆركێسترای مۆسیقای ئەڵمانی لە شاری كیل، ئیبراهیم شارەزاییەكی باش لە ئامێری ( كەمان، پیانۆ، ساز، ئۆرگ و فلووت"باڵەبان") بە شێوەیەكی ئەكادیمی وەردەگرێ، هەر بەوەندەش ناوەستێ، بەڵكو منداڵانی كوردی نیشتەجێی شاری كیل فێری نۆتەو مۆسیقا دەكات.

ئەو هونەرمەندە لاوە دەخوازێ تێكڕای بوارەكانی هونەری كوردی بە تایبەت مۆسیقا لە قاڵبێكی ئەكادیمیدا بگوترێنەوەو هونەرمەندی گەورەو شارەزای وەك دڵشاد دهۆكی دروست ببن، هەروەها دەخوازێت هەموو لا هەوڵ بدەن تا كولتوری كوردی




بپارێزرێت و مۆسیقای كوردی بەرەو لووتكەی پێشكەوتن ببردرێت، هەروەك چۆن هیوای خواست  دایك و باوكان منداڵەكانیان ببەنە بەر خوێندن و خولی مۆسیقی، بۆ ئەوەی زمان و كولتوورو فەرهەنگی كوردی لەسەر راستەڕێی ڕەسەنایەتی كوردی، بە كەڵك وەرگرتن لە زانست و پێشكەوتنەكانی دونیا بپارێزن و بەرەوپێشی ببەن، لەشساغی و سەركەوتنیش بۆ ئێوە دەخوازم، كە ئەو دەرفەتەتان بۆ ڕەخساندم تا خۆم بە خوێنەرانی گۆڤاری (كۆوار) بناسێنم، زۆریش حەزدەكەم سەرێك لە ولاتە ئازادەكەم ( باشووری كوردستان) بدەم و دەرفەتی ئەوەشم بۆ بڕەخسێ سەردانی گۆڤارە خۆشەویستەكەتان بكەم.

# خەونەكانی ژنێكی زێڕین

هانا ئەحمەد




**مارلین** مۆنرۆ، یەكێك بوو لەو ئافرەتە هەرە جوانانەی، كە خەڵكێكی زۆر بە جوانیەكەیەوە دەیانناسی، بەڵام هەر لە تەمەنێكی زووەوە و لە مانگی ئابی ساڵی 1962 لە تەمەنی 36 ساڵی مرد، یان بە واتایەكی دیكە لەبەر چەند هۆكارێكی نادیار خۆی كوشت، كە گرنگترینیان پەیوەندییەكەی نێوان ئەو و جۆن كەنەدی سەرۆكی ئەمریكا بوو. بە تایبەتی كە ساڵی 1962چووە نیویۆرك بۆ ئاهەنگی لەدایكبوونی كەنەدی، لە زۆرێكیش لەو بابەت و ریپۆرتاژو هەواڵانەی لە بارەی بڵاودەكرانەوە ئاماژە بەوە دەكرا كە دەزگای هەواڵگری ناوەندی ئەمریكی (CIA) كووشتویەتی.

(مارلین) رۆڵی لە نواندنی چەندان فیلمی جیهانی هەبووە لە نێوانیاندا فیلمی تاڤگەكانی (نیاگرا)، هەروەك پەیوەندی بەربڵاوی لەگەڵ ژمارەیەكی زۆری پیاوان هەبووە، تەنانەت ئەگوترێ تێنووسی ئەدرێسی تەلەفۆنەكانی لە مەزادێكی ئاشكرا بە (90000 $) فرۆشراوە.

لە شازدە ساڵی تەمەنیدا، بەشداری (29) فیلمی كردبوو، ئەفسانەیەك بوو لە ئەفسانەكانی جوانی و هونەرو مێینایەتی و كۆستی گەورە.

(مارلین مۆنرۆ) لە حوزەیرانی ساڵی (1926) لە نەخۆشخانەیەكی ویلایەتی لۆس ئەنجلۆس لە دایك بووبوو، ئەگەرچی تەمەنی لە (36) ساڵ تێپەڕی نەكردبوو، بەڵام وەك ناودارترین ئەكتەر بە درێژایی مێژوو ناوی دەركردبوو.

(گلادس)ی دایكی مارلین، بەڕەچەڵەك سكۆتلەندی بوو، باوكیشی مارتین ئیدوارد بە ڕەچەڵەك نەرویجی بوو، لە ئەنجامی گیروگرفتی بەردەوامی نێو ماڵەكەیان، باوكی مارلین ماڵەكەی جێهێشتبوو رووی كردبووە سان فرانسیسكۆ، ئەو كەشە خێزانیە ئاڵۆزەو ئەو ژیانە هەژارانەیە كاریگەرییەكی سلبی لەسەر لایەنی عاتیفی ئەو دروست كردبوو.

دایكیشی لەگەڵ ئەوەی سەرنج راكێش بوو، لە ستۆدیۆكانی (RKO)ی فیلمسازی كاری كردبوو، بەڵام لە ئەنجامی نەهامەتییەكانی ژیانی، لە رووی دەروونی شڵەژابوو، بەشێكی تەمەنی خۆی لە نەخۆشخانە عەقڵی و دەروونیەكان بەسەربرد.

هاوڕێیەكی دایكی بە ناوی (گرایس ماكی) بەخێوكردنی (مارلین)ی لە ئەستۆی خۆی گرتبوو، حەزی بوونە ئەستێرەی لەلا دروست كردبوو، ئەو ژنە شەیدای (جین هارلۆ) بوو، كە ئەستێرەیەكی ناسراوی ساڵانی بیست بوو.

دوای ئەوەی (گرایس ماكی) ساڵی 1935 شووی كرد، نەیتوانی درێژە بە سەرپەرشتی كردنی مارلین بدات، ناچار خستیە خانەی چاودێری



بێنەوایان (بێ سەرپەرشتان)، ماوەی دوو ساڵ گرایس سەری لێنەبڕیو سەردانی دەکردو جلوبەرگی بۆ دەکڕی، زۆر جاریش لەگەڵ خۆی دەبردە سینەماکان، لەو ماوەیەدا مارلین دەستدرێژی سێکسی کرابووە سەر.

لە ناوەڕاستی ساڵانی (1940) ماڕلین لە کارگەیەکی دروستکردنی پەڕەشووت دەستی بەکارکردن کرد، بە جلە نیمچە رووتەکانی سەرنجی ئەو رۆژنامەنووسانەی بۆ لای خۆی راکێشا، کە بۆ نیشاندانی رۆڵی ئەو ژنانەی کە (مجهود حربی) بوون، سەردانیان دەکردن.

مارلین سەرنجی وێنەگر (دیفید کونوفیر)ی بۆ لای خۆی راکێشا، (دیفید) گرێبەندێکی کارکردنی بۆ ماڕلین لە یەکێك لە کۆمپانیاکانی بواری راگەیاندن بەست.

بەهاری ساڵی 1945 (ماڕلین مۆنڕۆ) نێوبانگی پەیداکرد، کاتێك (بن لیۆن) تێستی بۆ ئەنجامداو تێیدا سەرکەوت، کە ئەوکات لە کۆمپانیای (فۆکس) کاری دەکرد، گرێبەندێکی (6)مانگی بۆ بەسترا هەفتانە بە ($75) بە نازناوی خانەوادەی دایکی.

مارلین بە نواندنی رۆڵی ئەکتەرە ئەستێرەکان، لە نموونەی (جین هارلۆو لاناترنر) دەستی بەکارە هونەریەکەی کرد، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو وتەیەی ((هولیود ئەو شوێنەی بەرامبەر ماچێك هەزاران دۆلارت پێبدەبڕێت)).

لە هۆلیود پەیوەندیەکانی (ماڕلین مۆنڕۆ) فرەوان بوون‌و ساڵی 1951 ساڵی درەوشانەوەی ئەستێرەکەی بوو، بە تایبەتی لە فیلمی (گوێ مەدە لێدان)،

(ماڕلین) لەگەڵ ئەوەی زۆرجار لەلایەن رەخنەگرانی بواری سینەما رەخنەی لێدەگیرا، بەڵام جوانی رووخسارو مێینایەتی جێگای بایەخی جەماوەری سینەما بوو. ساڵی 1953 ناوبانگی زیاتر بوو لەلای پیاوان، بە تایبەتی لە فیلمی (چۆن مێرد بە ملیۆنێرێك دەکەی).

دەستکەوتی دارایی (ماڕلین مۆنڕۆ) لە فیلمەکانیدا لە نێوان ($500 تا $750) بوو لە ساڵی 1950، دواتر ($1250) لە فیلمی (گەورە پیاوان حەزیان لە کچی سوورو سپیە)، دوای ساڵانی 1955و لە فیلمی (هەندێك پێیان باشە گەرمتر بێت) داهاتی گەیشتە ($200000) و (10٪)ی قازانجی فیلمەکە، کە تێکڕا دەیکردە ($4000000)، لە دوایین فیلمیش (ئەوەی دەدرێت) کە وێنەگرتنەکەی تەواونەبوو بە ($250000) رێککەوتبوون کە ($100000)ی وەرگرتبوو.

(ماڕلین مۆنڕۆ) ساڵی 1949 وێنەیەکی رووتی بەرامبەر ($50) لە رۆژنامەیەك بڵاوبووبووەوە، کە بەدێرێك لەژێر وێنەکەی نووسرابوو (خەونەکانی ژنێکی زێڕین) کە دواجار لە بارەی وێنەکە گووتبووی "کرێی خانووو خواردنم نەبوو".

ماڕلین لە 36 ساڵەی تەمەنیدا 3 جار شووی کردبوو، جاری یەکەم ساڵی 1942 بە (جیم دوغریتی) کە 5 ساڵ لە خۆی گەورەتربوو، ئەوسا هەواڵەکە بووە مانشێتی زۆربەی رۆژنامەو بڵاوکراوەکان، دواجاریش بە نووسەری شانۆی (ئارسەر فیلر).

مارلین لە ساڵی 1958ەوە باری تەندروستی بەرەو داڕمان چوو، لە ئەنجامی زۆر خواردنی دەرمانە بێهۆشکەرەکان، تەنانەت زۆر جار لە کاتی وێنەگرتنی فیلمەکان دوایدەخست‌و رۆڵی خۆی پێ نەدەگێڕدرا. لەو ماوەیەدا (مارلین مۆنڕۆ) زۆر چاوی بە (جودی ماگۆ) دەکەوت‌و بڕیاربوو لە نۆژەن ژیانی هاوسەری بەیەکەوە بنێنەوە لە 8ی ئابی 1962، بەڵام مردنی مۆنڕۆ 4 رۆژ بەر لە وادەی ئاهەنگی هاوسەری بۆ جاری چوارەم لە 4ی ئابی 1962، نەیهێشت نە فیلمەکەی تەوابکات، نە ئاهەنگەکەی، کە تاکو ئێستاش راستیی رووداوی مردنەکەی ئاشکرا نەبووە.

## کەلوەکانی خێزان

# لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەگەزی دیکە ئاگاداری بۆچونەکانت بە



**بورجی کاوڕ**

بۆ دوورترین ڕێگا باوەڕی بەخۆیە، هەمیشە هەست بە ئاسوودەیی و خۆشبەختی دەکات، ئاگادار بە، بەو شێوە خراپە لەگەڵی مامەڵە مەکە، کە ناچاری بکەیت بەدوات بکەوێ، بۆ ئەوەی مامەڵەکردنتان باش بێت و پەیوەندیەکانتان جوان بێت، هەوڵ بدە وەکو (تیپ) کاربکەن و کارەکانتان بە مساوەمە بێت. هەمیشە کاتێك زەردەخەنە دەکەن لێوەکانیان لێك ناکەنەوەو حەزیشیان لە نوکتەیە، کە پێکەنیت هەوڵ مەدە بکەیتە قاقایەکی ناشرین بۆ ئەوەی ڕێزت زیاتر بێت.

**بورجی گا**

پانتایی جددی بوون و جێگر بوونت لەگەڵی بچەسپێنە، ئەوان حەزیان لەو شەفافیەتەیە. کاتێك باوەڕت پێنەبەخشی، ئەوا پشتت تێدەکات. ڕاستە ئەوان لەسەرخۆن، بەلاَم سەبارەت بەو بابەتانەی کە بەخۆیانەوە پەیوەستن، ئەوان جددین و کاتێك پەیوەندی خۆشەویستیتان بەست، تا دەمرن لەگەڵت دەمێننەوە.

**بورجی جمك**

هەمیشە بە کارەکانتەوە سەخڵەتن، بە ئەندازەیەك دەفتەری کارەکانیان پێیە، هەوڵ دەدەن جێ بەجێی بکەن. هەوڵ دەدەن لە هەموو کارەکان سەرکەوتوون، بەلاَم ئەوەشیان بۆ ناچێتە سەر. بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی لە هەفتەیەك دەیکەن لە مانگێك دەکرێت. بۆ ئەوەی پەیوەندیەکەت لەگەڵی قوول بێت، واچاکە ئەولیات ببەخشیتە کارەکانی ئەو، هەمیشە یارمەتی بدەیت بۆ جێ بەجێ کردنی کارەکان.. جگە لەمەش هەوڵ بدە تەواو ڕێز لە برادەرکانی بگریت، کە بۆ ئەو جێگای پیرۆزییە.

**بورجی قرژاڵ**

هەست بە قورسایی دەکەیت بۆ بڕیاردان لە گەڵی، بەلاَم لە بڕیاریش یارمەتی دەرن، هەوڵ بدە یارمەتی بدەیت لەوەی کە باوەڕی بەخۆی بێت و دڵنیاشی بکەیتەوە کە بڕیاری پێدەدرێت.. هەندێك جار دەکەونە ئاووهەوای نامۆبوون، واچاکە یارمەتی بدەیت بۆ دەربازبوون لەو بێتاقەتییە، ئەمیش لە ڕێگەی گەشت و گەڕان.

**بورجی شێر**

هەوڵبدە گوێ لەدایك بووانی بورجی شێر بگریت، تاکو نەکەونە هەڵەیەکی گەورە، لەدایك بووانی شێر لەو شێوە







ئاسانە نیین، ئەوان بە شتەهایەك رازین گەورەتربێت لە باش‌و زۆر باشە، ئەوان بەدوای شتی نایاب دەگەڕێن، جگە لەوەش بیردەکەنەوە کەوا زۆر جوانن، بۆیەش حەز بە ماکیاژکردنی زۆر دەکەن‌و ئارەزووی خۆ جوانکردنێکی زۆریان تێدایە.

### بورجی گوڵەگەنم

ئەوانەی لەدایك بووی بورجی گوڵەگەنمن، کاغەزێکی پڕ نووسینیان پێیە سەبارەت بە کارەکانیان‌و ئەیانەوێ جێ بەجێی بکەن. ئەوان لەو کاغەزەدا شتە گرنگەکان دەنووسن، بەڵام بێتاقەت مەبە کاتێك زانیت تۆ لە دەیەمین شتە گرنگەکانی سەر کاغەزەکەیت، چونکە ئەوە مانای ئەوە نییە کە خۆشتی ناوێت، بەڵکو ئەمە شێوازیانە بۆ ژیان.

### بورجی تەرازوو

کارێکی ئاسان نییە داگیرکردنی دڵی تەرازوو، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە تووشی ماندووبوونێکی هێجگار زۆر دێت، چونکە ئەوان لەوانە نین کە هەڵەیەکی وا گەورە بکەن لە هەڵبژاردنی هاوسەریەتی، جگە لەمەش بەتەنها هەڵەیەکی تۆ رەنگە ببێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندیەکان، ئەوان توانایەکی زۆریان هەیە لە باوەڕهێنانی بەرامبەر و رازی کردنی تۆ. جگە لەمەش ئارەزوو دەکەن یەکێك لە تەکیان بێت، ئەگەر تۆ کاتی ئەوەت نییە بچیتە تەکی، ئەوا هەر لە سەرەتاوە خۆت ماندوو مەکە.

### بورجی دووپشك

هێزێکی گەورەت پێ دەبەخشێ، هێزێك کە دەتوانێ لە قووڵترین قەیران رزگارت بکات بێ ئەوەی بشڵەژێیت، هەوڵ مەدە بڕوا و مەبدەئەکانی بگۆڕیت، چونکە ئەوان مەبدەئەکانیان بە توندی وەرگرتووە، ئەگەر بڕواشت وایە دەتوانی بڕواکانی بگۆڕیت ئەوا بزانە خۆت هەڵدەخەڵەتێنی. وریا بە نهێنیەکانی بپارێزەو رێز لە دونیابینینی بگرە، چونکە ئەوان لەو کەسانە نیین کە خەمو رەهەندەکانی کەسایەتی خۆیان دەربخەن.

### بورجی کەوان

پێویستە تەواو لە شێوازو هەڵسوکەوتەکانی فێربیت، بەتایبەت ئەو شێوازەی کە حاڵەتی دەروونی دەگۆڕێ، وەك گۆڕین لەو پەڕی خۆشی بۆ ئەو پەڕی حوزن. ئەوان هەمیشە حەزیان لە ئازادیەو دەبێت لەم رووەوە ئاگاداربیت، ئەگەر تۆ ناتوانیت ئەو ئازادیانەی بۆ فەراهەم بکەیت، ئەوا دڵنیابە پەیوەندیەکانتان دەکاتە دۆڕاندن، وریابە برینداریان نەکەین.



## بورجی گیسك

لە دایك بووانی بورجی گیسك بە تەنها بووكێك نییە تۆ راوت كردبێت و كۆتایی بە شتەكان هاتبێت، مامەڵەكردن دەگەڵیان جۆرێك لە زەحمەتی تێدایە، بە تایبەت لەو رووەی كە پەیوەندی بە دڵەڕاوكێیەتی و پەلەو ئاسانی تێدایە، هەمیشە ئارەزووی گۆڕان دەكەن و حەزیش ناكەن بە تەنها لە شوێنێك بن، جگە لەمەش زۆر بەدوای نوێ بوونەوە دەگەڕێن و تۆش دەبێت یارمەتی دەریان بیت، كاتێك جیاوازیتان لەسەر مەسەلەیەك لەلا دروست بوو. هەوڵبدە بە نەرمی باوەڕی پێ بهێنی و واز لە سۆزداری و هەستە ناسكەكان بهێنی، چونكە ئەمە لای ئەو لە كاتی جیاوازی دا زۆر جێگای گرنگی نییە.

## بورجی گۆزە

وریابە لەسەرخۆبە لەو بابەتانەی كە پەیوەندی بە خۆشەویستی و سۆزەوە هەیە، زۆرجار لەگەڵ ڕاكانت یەك نییە، بە تایبەت لەو كاتانەی كە هێندێك شتی نوێی پێ دەڵێیت، دەبێت رێز لە پەیوەندیە كۆمەڵایەتییەكانی بگریت و رەخنەی لێنەگریت بە شێوەیەك كە برینداری بكات. رێگای ئاسان بۆ لەدەستدانی لەدایك بووانی بورجی گۆزە ئەوەیە، كە ناچاری بكەیت كارێك بكات حەزی لێنەبێت.

## بورجی نەهەنگ

لەو ئافرەتە ناسكانەن، كە زۆر هەستیارن و پێویستیان بە رێگایەكی وریا هەیە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵیان و دەبێت ئاگاداربیت بە قسەی برینداركەر دڵیان نەشكێنی، ئەگەر قسەكانت بە گاڵتەش بێت. پێویستیان بەوە هەیە ئاگاداریان بیت و گرنگیان پێ بدەیت، چونكە تەواو ڕقیان لە بێ بایەخی دەبێتەوە، ئەوان زۆر رۆمانسین و حەز بە ژیان و كاتی جوان دەكەن، ئەگەر بایەخت پێ نەدان، ئەوانیش گرنگیت پێ نادەن.

# ژیان بەڕەنگی خوێنیینەوە

(1)



**کە** بەخەیاڵ دەگەڕێینەوە هەرەتی منداڵی، ناکرێت بەسەر سەدان یادەوەری جوان باز بدەین، وەلێ هەموو یادەوەرییەکان بەرەنگێکی خوێنینەوە دەردەکەون، هەموو یادەوەریەکان دەچنەوە ئەو کۆڵانە جوانانەی تێڕوانینی شەڕەنگێزانەی ئینسانەکان خۆشیەکانیان تیادا ئیفلیج کرد، دەچنەوە ئەو شەقامانەی، کە نەمان توانی بە ئاسوودەیی پیاسەیەکی ئارامیان تیا بکەین.. ئاخر منداڵی ئێمە سەراپای خوێن و ترس و دوودڵی بوو، ئێستاش کە حیکایەتەکانمان بیر دێنەوە، وێنەی دێوو درنج وکوشت و کوشتار ڕۆحمان دەکوژێت، ڕەنگمان زەرد هەڵدەگەڕێ و ژیانمان لێدەبێت بە تاریکستان.
بەداخەوە دووکەڵی شەڕگەو دەنگی تەقەوتۆق نەیهێشت تامی منداڵی بچێژین، نەیهێشت هەناسەیەکی ئارام هەڵمژین، نەیهێشت بە عیشقەوە سەیری ژیان بکەین و بۆ سبەی بژین، لە منداڵییەوە هەستمان بەترسی خۆخۆری و یەکتر سڕینەوە، شەڕی نابەرابەری و غەدری زەمانە کرد، هەر زوو زانیمان دەوروبەرمان شتێك نییە، جگە لە شەڕانیەت و توندوتیژی.

(2)

کە قوتابخانەش ئامێزی بۆ کردینەوە، مامۆستا یەکەم حەرفی لە دۆخێك فێرکردین، ژیان بەدەست زەبروزەنگ هاواری لێ هەڵدەستا، توندوتیژی ببووە زمانی یەکەمی هەموو کاراکتەرەکانی ناو پۆل و قوتابخانە.. هەرچەند لە ڕواڵەتدا مامۆستاکانمان دەرسی ژیانیان پێدەگوتین، وەلێ لە جەوهەردا ڕەنگی خوێنینمان ناسی، زمانی یەکتر ڕەتکردنەوەو شەڕی خۆخۆرانەی ئینسانەکان فێربووین، زانیمان کوشتن و وێرانکاری، بەرهەمی ئەقڵیەتی مرۆڤە.
ئەوە نییە هەزاران ئینسان لە بەرامبەر دەربڕینی (نا)یێك ژیانیان لێسەندرایەوە.. هەزاران ئینسان بە ئاگری شەڕەکان سووتان.. هەزاران ئینسان بوون بە قوربانی غەریزەی باڵادەستبوونی یەکتر.. هەزاران ئینسان بە هۆی مەیلی خوێنڕێژی و ستەمکاری کەسانێکی ملهوڕ، زیندە بەچاڵکران.

(3)

ئەم شەڕانە تەواو نابن، شەڕی ماڵ و شەڕی گەڕەك.. شەڕی خێڵ و شەڕی وڵات.. شەڕی نەتەوەو شەڕی هەیمەنە، ئەوەنییە هەموو شەڕەکان شوناسی ژیاندۆستیمان لێوەردەگرنەوەو وەك بوونەوەرێکی شەڕخواز دەماننناسێنن.. (هۆبز) وتەنی مرۆڤ هەمیشە لە حاڵەتی شەڕو شۆڕە، ونبوونی تێڕوانینی ئەقلانیی، مانای دۆڕاندنی زمانی شارستانییەت و خۆشەویستییە، لێرەشەوە ئەو ڕاستییە دووپات دەبێتەوە، کە مرۆڤ بوونەوەرێکی تەواو ئەقلانی نییە، ئەگەرنا چۆن دەستی دەچێتە خوێنی یەکتر، چۆن دڵی دێت ئاگر لە ماڵی یەکتر بەر بدات، چۆن زمانی دەکاتە ئالیەتێك بۆ شکاندنەوەی ئەوی دی و بوختان و تۆمەت هەڵبەستن بۆ یەکتر.

محەمەد حاجی کەریم

(4)

چ کارەساتێکە کاتێك لێبوردن، وەك بێ بەهاترین شت دەردەکەوێ؟ چ نەهامەتییەکە کە تۆ بەو پەڕی بێ نرخی سەیری لێبوردن دەکەیت؟.. من و تۆ چەندە گوناهین کاتێك ئەوانەی لێبوردنیان کردۆتە دروشمی ژیان بە ترسنۆکیان دەزانین..
بە پێچەوانەوە ئەوانەی لە ڕوانگەی بەرژەوەندییانەوە، تەنها بەرچاوی خۆیان دەبینن تاریکبینن، ئەوانەی لە ڕوانگەی جوانییەوە دنیا دەبین، ژیاندۆستن.. ئاخر ژیان بە لێبوردن و خۆشەویستییەوە جوانە، ئەمەش ڕێك لە تێڕوانینێکی ئەقلانی سەرچاوە دەگرێ.
زاڵبوونی توندوتیژی لە غیابی ئەقڵەوەیە، قەیرانی ئەقڵ مەیلی شەڕەنگێزی لای مرۆڤ زاڵدەکات، ئینسان لە شەڕێکەوە ئەکێشێتە نێو شەڕێکی دیکە، شەڕێك هەموو شتێك لە پەلوپۆ دەخات، شەڕێك جگە لە ناشیرینکردنی ژیان و کوشتنی ئایندە بەرهەمێکی نییە.

(5)

بۆ گەڕانەوەی ڕێزو ئیعتیبار بۆ ژیان و ئینسانەکان، پێویست دەکات کار بۆ ئەوە بکرێ توندوتیژی کۆنترۆڵ بکرێ و بکەوێتە ژێر فەرمانی ئەقڵ، چونکێ توندوتیژی بەرهەمی نەبوونی پەروەردەیەکی تەندروست و زاڵبوونی دۆخی سروشتی مرۆڤە، پێش نەگرتن لە توندو تیژی و هەڵنەتەکاندنی قەڵای بەرهەمهێنانی زەبروزەنگ و یەکترسڕینەوە، کارەساتی زیاتری بەدوا دادێ و مەیلی ئایندەدۆستی لە مرۆڤ دەستێنێتەوە.
نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ، لەو وڵاتە لە ئەنجامی باری ئاڵۆزو غیابی یاسا و نەبوونی پەروەردەیەکی تەندروست لە سەر ئاستی خێزان و ناکارایی دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، توندوتیژی و زەبروزەنگ پتر تەشەنەی کردووەو ڕۆحێکی شەڕەنگێزی بەرهەمهێناوە.. نموونەشمان هیچ ڕۆژێك نییە گوێبیستی هەواڵی چەندین ڕووداوی کۆمەڵایەتی نەبین، کە لە ئەنجامی توندوتیژییەکانی سەردەستی تاکی کوردی دەکەونەوە.